


# چیرۆک بە تامی شیعر و فانتازیا

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

چیرۆک ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە لە ڕۆح و ژیانی مرۆڤ موتربە کراوە. چیرۆک ئاوێنەی ئەو چرکەساتانەن کە مرۆڤەکان بە شادی، یان ناشادی ڕایدەبوێرن، یان ڕایانبواردووە. چیرۆک گرینگ نییە حەتمەن باسی کارەسات، یان تراژیدیایەک بکات. چیرۆک گێڕانەوە و وێناکردنی ژیان و کات و چرکەساتەکانی ژیانە. جۆرێک شێوەکارییە بە وشە دەکرێ و کێشانەوەی دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە؛ ئەو کێشانەوەیەش تا زیاتر زەینی و ڕۆحی بێت و لە ژیانی ڕاستەقینە دوور کەوێتەوە، جوانتر و چێژبەخشترە. وەک چۆن گێڕانەوەی چیرۆکێک بە پێی دەربڕین و دەم و ڕاوێژی کەسەکان جیاوازە، نووسینەکەشی بە پێی هەست و بیر و قەڵەمەکان دەگۆڕدرێ و جیاوازە.

ئەگەر بێین یەک ڕووداو نیشان چەند چیرۆکنووس بدەین و داوایان لێ بکەین بیکەنە چیرۆک، دڵنیام هەموویان جیاواز دەبن و لە باری داڕشتن و تەکنیکەوە لە یەک ناچن و تام و چێژیان جیاواز دەبێ.

لە نێو گەلی ئێمەدا، چونکە کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان زۆرن، خوێنەر لە چیرۆک و ڕۆماندا خووی بە ڕووداوی تاڵ و خەماوی گرتووە و ئەگەر ناوی چیرۆکت هێنا، دەستبەجێ پێیوایە دەبێ باسی کوشت و بڕین و سووتاندن و ڕووخاندن و خەم و ماڵوێرانی بێ، بەڵام چیرۆک یانی گێڕانەوە و بەیان کردنی ژیان و کات و چرکەساتەکان. چیرۆکنووس دەتوانێ ئاوڕدانەوەی مرۆڤێک، یان چاوترووکاندنی کەسێک، یان هەناسەهەڵکێشانی بکاتە چیرۆکێکی چەند لاپەڕەیی.

خەیاڵ و گەڕیانی زەین یەکێک لە گرینگترین تەکنیکەکانی چیرۆکی

ئەمڕۆیە و نووسەری بەسەلیقە دەتوانێ گۆڕەپانی چیرۆکەکەی زیاتر هەراو و بەرین بکاتەوە و بیکاتە ڕەنگاڵەیەکی جوانتر و سەرنجڕاکێشتر.

«وەرزی پێنجەم» کۆمەڵە چیرۆکی خاتوونی خاوەن هەست و قەڵەم ڕەنگین، «نیشتمان قادریان»ـە و کتێبێکی جوان و ژیکەڵەیە و دوازدە چیرۆکی لە خۆ گرتووە و ١٩٠ لاپەڕەیە. چیرۆکەکانی ئەم خاتوونە جگە لەوەی لێوڕێژن لە جواکاریی ئەدەبی و تەکنیکی چیرۆک و وردەکاریی هونەری، گەڕیانی زەین و فانتازیا و بەکارهێنانی پەند و ئیدیۆم و زاراوەی ڕەسەنی کوردی یەکێکی تر لە گرینگایەتییەکانی دنیای نووسینی ئەو نووسەرەن.

قەڵەمی خاتوو نیشتمان قادریان قەڵەمێکی شاعیرانەیە و چیرۆکەکانی پڕن لە ڕستە و پەڕەگرافی شاعیرانە و ناسک و پڕ وردەکاری؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی ژیانێکی تاڵ و پڕ چەرمەسەری بە تەوێڵی چیرۆکەکانییەوە دیارە.

«لەولاوە هەستێکی ناخۆش چرنووکی لە بیرەوەرییەکانی دەگرت.»

«وەک مارێکی حەوت سەری برینداری لێ هاتبوو و نەیدەزانی بە قسەی کام سەری هەستێ و دانیشێ».

«چاوی لە هەر کوێ دەکرد، زاری داچەقاوی گورگی گڕ و دووکەڵ بوو.»

(ڕزگاری بە کاتی کازیوە)

«دوانیوەڕۆیان-با- دەلینگی هەڵدەکا و خۆڵ وەپێش خۆی دەدا و بە ڕق و تووڕەییەوە فووی لێ دەکا و ....»

«نامەکەی وێڕای چەند کتێب، دوای گەیشتنەوەی خۆی گەیشت، بەڵام کە بۆخۆی هاتەوە زمانی لە نامەکەدا بەجێ هێشتبوو.»

(سیاساڵ)

لە چیرۆکی «چلگوڵ»دا جوانی فانتازیا بەوپەڕی خۆی دەگا. زۆر جوان و شارەزایانە ئەفسانە و ڕاستی لێک گرێ داوە و خوێنەر وەها بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ، تەنانەت کات و سات و هەناسەکێشانی لە بیردەباتەوە و هەست و بیر و مێشکی خوێنەر دەباتە نێو چیرۆکەکەوە و دەیکاتە بەشێک لە کۆئەندامی چیرۆکەکە.

«لە ئان و ساتێکدا مقەستەکە باڵی گرت و دەمی کردەوە و وەک هەژدیهایەک کەڵپەی لە ملی ماری پرچەکانی لیمۆ قایم کرد.»

«چلگوڵ»

هەر لەو چیرۆکەدا پەندێکی جوان دێنێتەوە: (بزە بە چرۆ ژنیش بە درۆ)، کە ئەگەر باس لەو بابەتەش بکەین دەیان پەند و ئیدیۆمی ڕەسەن لە چیرۆکەکانیدا هەن و سەرنجمان ڕادەکێشن. بۆ ئەوەی نووسینەکەم تووشی درێژدادڕی نەبێ، پێم خۆشە خوێنەرانی هێژا خۆیان چیرۆکەکان بخوێننەوە و چێژ لەو جوانیانە و هێنانی بەجێی پەند و ئیدیۆمەکان وەرگرن.

**سەرچاوە:**

**وەرزی پێنجەم، کۆمەڵە چیرۆک، نیشتمان قادریان، چاپی یەکەم ١٤٠٢، چاپی خانی سەقز.**